# ئەوەی پێی خۆشە کە خوای گەورە ڕزگاری بکات لە غەم وناڕەحەتی ڕۆژی قیامەت؛ ئەوا با چاوەڕێی قەرزدار بکات یان لە لێی خۆش بێت

لە ئەبی قەتادەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بە دوای کەسێکدا دەگەڕا کە قەرزی ئەوی لابوو، قەرزدارەکە خۆی لێ دەشاردەوە، پاشان دۆزیەوە، پیاوەکە ووتی: باری دارایيم خراپە، ئەبو قەتادە ووتی: بڵێ بە اللە؟ ووتی: واللە؟ ئەبو قەتادە ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەوەی پێی خۆشە کە خوای گەورە ڕزگاری بکات لە غەم وناڕەحەتی ڕۆژی قیامەت؛ ئەوا با چاوەڕێی قەرزدار بکات یان لە لێی خۆش بێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

ئەبو قەتادەی ئەنساری -ڕەزای خوای لێبێت- بە دوای کەسێکدا دەگەڕا کە قەرزی ئەوی لابوو؛ وقەرزارەکە خۆی لێ دەشاردەوە، دواتر دۆزیەوە، قەرزدارەکە ووتی: من باری دارایيم باش نییە، وهیچ شتێکم پێ نییە کە قەرزەکەتی پێ بدەمەوە. ئەبو قەتادە -ڕەزای خوای لێبێت- داوای لێکرد کە سوێند بخوات بەوەی هیچ پارەیەکی لەبەردەستدا نییە؟ ئەویش سوێندی خوارد بەوەی ڕاستگۆیە لە قسەکانیدا. ئەبو قەتادە -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: گوێم لە پێغەمبەری خودا بووە -صلى الله عليه وسلم- کە فەرموویەتی: هەرکەسێك پێی خۆشە کە خوای گەورە ڕزگاری بکات لە ناڕەحەتی وسەختی وترسەکانی ڕۆژی قیامەت، ئەوا با دەرفەت بدات بە قەرزدار؛ بەوەی داواکردنی قەرزەکە دوا بخات، یان خۆش بێت لە هەندێك لە قەرزەکە یان هەمووی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4195

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee